# کتێبێک لەگەڵیدا بۆم دەرکەوت من گەمژەم

عەلی حوسێن
لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل
(کەرکووک)

هەمـوو جارێـک هەندێـک بـرادەر پرسـیاری ئـەو کتێبانـەم لـێ دەکـەن زەحمەتیـم لـە کردنـەوەی کۆدەکانیانـدا بینیـوە، لـە پێشـەکیی کتێبـی "لـە حـزووری کتێبـدا" نووسـیومە، هەندێـک کتێـب تـا ئێسـتاش تووشـی واقوڕمانیـان کـردووم، بـۆ نموونـە "یۆلیسـیس"ی جەیمس جۆیـس.. "گـەڕان بـە دوای کاتـی لەدەسـتچوودا"ی مارسـێل پروسـت.

جارێکیـان کەللەڕەقیـم لەگـەڵ خۆمـدا کـرد و کتێبـی "بنەماکانـی ماتماتیـک"ی (بێرتراند ڕەسـڵ)م کـڕی، هـەر لـە لاپەڕەکانـی یەکەمـەوە بـۆم دەرکـەوت مـن لەگـەڵ کتێبێکـدا دەڵێـن تەنیـا دە کـەس توانیویانـە کۆدەکانـی بکەنـەوە، لێهاتووانـە ڕۆڵـی گەمـژە دەبینـم، هەمـان شـت لەگـەڵ کتێبـە بەناوبانگەکـەی هایدیگـەردا دووبـارە بـووەوە "بـوون و کات"، کاتێـک لـە یەکەمیـن جـاردا بڕیـارم دا ئەزموونەکـەی لەگەڵـدا تاقـی بکەمـەوە، هەڵبـەت بەختـی خـۆم لەگـەڵ کتێبـی "ڕێژەیـی"ی (ئەنشـتاین)دا تاقی کردبووەوە، وەک هەمـوو جـار شکسـتم هێنـا، بەڕێکـەوت کتێبێکـم بەردەسـت کـەوت بـە نـاوی "ئەنشـتاین و ڕێژەیی"ی نووسـەری میسـری مسـتەفا مەحمـوود، کتێبێکـە سـادە و چێژبەخـش، نووسـەرەکەی دەزانێـت چـۆن خوێنـەر ڕابکێشـێت.

دوای چەنـد ساڵێک، گەلێـک کتێبـم لـە بـارەی ئەنشـتاین و تیـۆری ڕێژەیـی خوێندنـەوە، ڕەنگـە ناودارترینیـان ئـەم کتێبانـە بـن: کتێبـی "ئەلفبێـی

ڕێژەیی"ی بێرتراند ڕەسڵ، "ئەنشتاین وەکوو ناسیم"ی جۆن برۆکمان، "ئەنشتاین و تیۆری ڕێژەیی"ی محەمەد عەبدولڕەحمان مەرحەبا، ژیننامەی دڵگیری واڵتەر ئیزاکسۆن بۆ خاوەن تیۆری ڕێژەیی نووسی، کتێبی "گەردوونی ئەنشتاین"ی میشیۆ کاکۆ و گەلێک کتێبی دی.

سەرلەنوێ کتێبەکەی مستەفا مەحموودم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت کۆشاوە بیروبۆچوونەکانی ئەنشتاین تێکەڵ بە هەندێک قسەی هەڵیتوپەڵیتی ئایدیایی و غەیبیی بکات، بینیم گومان لە تیۆری ڕێژەیی دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە تیۆرەکە خۆی ڕێژەییە، بەڵام ئەو بابەتەی تا ئەم ساتەوەختەش مایەی بایەخی منە، تێمای زەمەنە، کە ئەمڕۆ بە گەورەترین ئەو مژارانە دادەنرێت مایەی نیگەرانییە بۆ ڕۆماننووس و شاعیران، کاتێک کتێبی "ڕێژەیی و سروشتی شوێنکات"ی ڤیسیلین بتکۆڤم خوێندەوە، دەستەواژەیەکی ئەنشتاین سەرنجی ڕاکێشام، دەڵێت: "دژوارییەکانی ئێستا لە زانستەکەیدا یارۆی فیزیایی ناچار دەکات چارەسەری بابەتی فەلسەفی بکات، بە پلەی گەورەتر لەوەی دۆخەکە لەگەڵ نەوەکانی پێشتر تێیدابوو".

لەبەر ئەمە دەبینین ئەنشتاین جەخت لەوە دەکاتەوە فەلسەفە بۆ زانستێکی میتۆدی گۆڕا، دەکرێت بەوە لە زۆربەی گرفتەکان بگەڕێین.. لە پێداچوونەوەمان بە ژیانی ئەنشتاین-دا بایەخی ئەومان بۆ دەردەکەوێت بە فەیلەسووفانی هەمەڕەنگی سەدەی نۆزدە، فەیلەسووفی ناوداری ئینگلیز "ف. ب. برادلی" کاریگەریی گەورەی بەسەریەوە هەبوو، بەتایبەتی کتێبە بەناوبانگەکەی "ڕواڵەت و واقیع"، ئەوەش هەمان کتێبە "تی. ئێس. ئێلیەت"ی شاعیری ئینگلیز هەڵوەدای بوو، بۆیە بڕیاری دا فەلسەفەی برادلی بخوێنێت و تێزی دوکتۆرا دەربارەی ئەم فەیلەسووفە و تیۆری دەربارەی زەمەن پێشکەش بکات، ئەو تیۆرەی دواتر لە چامە بەناوبانگەکەیدا "وێرانەخاک" ڕەنگی دایەوە، لەم چامەیەدا خەریکبوونی ئێلیەت بە بابەتی ڕێژەیی کات و شوێنەوە دەبینین، کەسایەتییەکانیش لە دۆخی گۆڕانی هەمیشەییدان. ڕابوردوو دەچێتە ناو ئێستاوە، کەسەکانیش لە هەمان کاتدا لە ڕابوردووی دوور و ئێستا و لە ئاییندەشدان، مردووەکانیش سەرلەنوێ لەدایک دەبنەوە، هەن و لە شوێنی جیا جیا و بواری جیاوازدا کاردەکەن.

چامەی "وێرانەخاک" وێنەی ژیان لە ئەورووپا، لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا بە سەدەکانی ناوەڕاست دەبەستێتەوە. شوێن لە بەرایی چامەکەدا شارێکی خەیاڵکراوە، دواتر دەبێتە لەندەن، پاشان قودس، ئەوجا ئەسکەندەرییە، دواییش ئەسینا، لە کۆتایی چامەکەدا دەبینین ئەورووپا بووەتە بیابان، کارەکتەرەکانیش لە سەردەمی گریکەوە دێن، تاوەکوو کەسایەتیی ئێستا لە نێوماندا بژین. وێڕای ئەوەی زۆربەی ڕەخنەگران جەخت لە کاریگەریی فەلسەفەی ئایدیالی بەسەر ئێلیەت-دا دەکەنەوە، شاعیر خۆی ددان بە کاریگەریی تیۆری ئەنشتاین بەسەریەوە دەنێت، هەروەها بیری دێتەوە چۆن ڕۆژێکیان لە دەرسگوتارێکی خاوەن تیۆری ڕێژەیی ئامادە بوو و گەنگەشەیان دەربارەی سروشتی ڕێژەیی بۆ کات و ئەو وەرچەرخانانە کرد کە لە شوێن و بەسەر خەڵکدا ڕوودەدەن، هەر ئەوەش ئێلیەت لە چامەی "وێرانەخاک"دا جەختی لەسەر دەکاتەوە، خۆمان لە بەرانبەر کەسانێکی فرەدا لە کات و شوێنی جیاوازدا دەبینینەوە.. لە هەمان کاتدا ئێلیەت ڕێژەیی کات وەک بناغەیەک بەکاردەهێنێت، لە میانەیەوە چارەنووسی هاوبەشی ئەو خەڵکە

ڕوون دەکاتــەوە کــە لــە ســەردەمی جیــاوازدا دەژیـن و لـە وڵاتانـی جیاجیـادا هـەن، هـەر بـە ئەنقەسـتیش سـنووری نێـوان دوێنـێ و ئەمـڕۆ، ئەمـڕۆ و سـبەینێ دەسـڕێتەوە، ئیلیـەت پێمـان دەڵێـت، تەنیا ئەنشـتاین نەبوو لـە بابەتـی کاتدا کاریگەریـی لەسـەر هەبوو، ئـەو ددان بە کاریگەریی "یۆلیسـیس"ی جەیمـس جۆیـس-یشـدا دەنێـت بەسـەریەوە، بگـرە جۆیسـی بـە "مامۆسـتا" بانـگ دەکـرد، دەبێـت ئـەوە لـە بەرچـاو بگریـن سـاڵی ١٩١٤ دەست بـە بڵاوکردنـەوەی "یۆلیسیس" کرا و بـە تـەواوی سـاڵی ١٩٢٢ دەرکـەوت، ئـەوەش هەمـان سـاڵە ئیلیـەت چامـەی "وێرانەخـاک"ی بڵاوکردەوە و لە ڕۆژانەیاداشتەکانیدا ئیلیەت پێمان دەڵێـت، داوای لـە جۆیس کـردووە دەسـتنووسـی ڕۆمانـی "یۆلیسـیس"ی بـەر لـە ناردنـی بـۆ چـاپ بـۆ بنێرێـت، ئیلیـەت پێشـەکییەک بـۆ ڕۆمانەکـە دەنووسـێت بە ناوونیشانی "سیسـتم و ئەفسانە لە یۆلیسـیس"دا، بـەم دەسـتەواژە کاریگـەرە کۆتایـی پـێ دەهێنێـت: "مـن وای دادەنێـم ئـەم کتێبـە گرینگتریـن دەربڕینـە لـە سـەردەمی ئێسـتاماندا، کتێبێکـە ئێمـە هەمـووان خۆمـان بـە قـەرزاری دەزانیـن، کـەس توانایـی ئـەوەی نییـە لـە دەسـتی هەڵبێـت"، ئەنشـتاین یەکـەم کتێبـی دەربـارەی "ڕێژەیـی تایبـەت" سـاڵی ١٩٠٥ بڵاوکـردەوە، ئـەو کتێبـەی جەیمـس جۆیس زۆری بـە دڵ بـوو و لـە نزیـک خـۆی دادەنـا، لـە "یۆلیسـیس"دا جۆیـس بـەردەوام جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کات چەمکێکـی ڕێژەییـە و ئێسـتا و ڕابـوردوو نـەک هـەر بوونیـان تەنیـا لـە زەینـی کەسـایەتییەکاندایە، بگـرە لـە وێنـەی جێگیریشـدایە.

ئەنشـتاین لـە دەفتـەری ڕۆژانەیاداشـتەکانیدا دەنووسێت: "کاتێـک هیـچ گرفتێکـی تایبەتـم نییە مێشـکمی پێـوە خەریـک بکـەم، پێـم خۆشـە ئـەو ڕۆمانانـە بخوێنمـەوە بەڵگەکانـی ژیـان دادەڕێـژن، ئەمـەش نامانگەیەنێتـە شـتێک، بەڵکـوو تەنیـا دەرفەتێکـە بـۆ قووڵبوونـەوە لـە بیرکردنـەوەی چێژبەخـش و زانینـی نهێنییەکانـی ناخـی مـرۆڤ".

ڕێژەیـی تـا ئێسـتاش لـە زۆربـەی شـوێنەکانی جیهانـدا خەڵکـی سـەرقاڵ کـردووە، هەمـووان وای دادەنێـن لـە مەتەڵێـک دەچێت مرۆڤ لـە بەردەمیدا دۆش دامابێـت، هەسـت دەکات وەک مـن هەسـتم کـرد دەسـتەوەسـتانە.. ڕووداوێـک لەبـارەی ئارسـەر ئیدنگتۆنـی زانـای گەردوونناسـی بریتانییـەوە هەیـە کـە لـە زۆربـەی تاقیکردنەوەکانیـدا لەگـەڵ ئەنشـتاین- دا بـوو، ڕۆژێکیـان داوای لـێ کـرد قسـە لەسـەر ئـەو دەنگۆیـە بـکات گوایـا لـە جیهانـدا تەنیـا سـێ کـەس هـەن (دووانیـان ئیدنگتـۆن و ئەنشـتاین)ن بـە تـەواوی لـە تیـۆری ڕێژەیـی گەیشـتوون. دوای ئـەوەی قەدەرێـک بیـری کـردەوە، ئیدنگتـۆن وەڵامـی دایـەوە: "لـە خـۆم دەپرسـم دەبێـت کەسـی سـێیەم کـێ بێـت؟".

هـەر لـە سـاتی یەکەمـەوە، کاتێـک چـاوم بـە بەرگـی کتێبـی "ڕێژەیـی" کـەوت، هەمیشـە لە خـۆم دەپرسـی، داخـۆ نهێنیـی ئـەو خەرمانـە ڕووناکییـە چییـە کـە دەوری نـاوی (ئەنشـتاین)ی داوە، تا بووە ئەفسـانەیەک لـە ئەفسـانەکانی سـەدەی بیسـت. تـا ئێسـتاش وێنـە بەناوبانگەکـەی، ئـەوی تێیـدا زمانـی دەرکـردووە، چـۆن گاڵتـە بـە هەمـوو ئەوانـە بـکات لەبارەیـەوە گوتـراون و نووسـراون، سـەرنجی ملیۆنان سەرسـامکەری ڕاکێشـاوە و بووەتـە ئایکۆنێـک لـە وێنەکانـی جیڤـارا جیاواز نییە. لە ئینسـایکلۆپیدیای بریتانـی لەبارەیـەوە هاتـووە "کاتێـک لـە ژیانـدا بـوو وەک یەکێـک لـە گەورەتریـن ئـەو ئەقڵانـەی داهێنانیـان لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا کـردووە، ددانی پێـدا نـرا. ئەنشـتاین لـە پـازدە سـاڵی یەکەمـی سـەدەی بیسـتدا زنجیرەیـەک تیـۆری پێشـکەش

کرد، بۆ یەکەمین جار سەلماندی بارستە و وزە یەکسانن، هەروەها گەلێک بیرۆکەی تەواو نوێی هەمبەر بۆشایی (فضاء)، کات و کێشکردن خستنەڕوو".

لە لابووری زانستیی سەر بە زانکۆی بریستۆنی ئەمریکی لەسەر یەکێک لە ڕەفەکاندا کەموولەیەکی (دەفری شووشەیی) کۆنی پڕ لە شلەیەکی لێیە، لە گووشراوی سێو دەچێت، پارچەیەکی لە جەستەی مرۆڤ تێدایە، ئەوە بەشێکە لە مێشکی مرۆڤێک مرۆڤایەتیی تووشی سەرسووڕمان کرد، دوکتۆر تۆماس هارڤیی پسپۆڕی ئەو نەخۆشییانەی پەیوەستن بە هۆکارەکانی مردن، بۆ تێگەیشتن لە پرسی ژیان و مردن شێوازێکی هونەریی هەبوو، لەبەر ئەمە سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەژدەی نیسانی ساڵی ١٩٥٥ بڕیاری دا مێشکی پیرە پیاوێک پارچە پارچە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت شی بکاتەوە و جیاوازییەکانی نێوان مێشکی ئەو و مێشکی مرۆڤە ئاساییەکانی بۆ دەربکەوێت. ناچار بوو مشارێکی کارەبایی بۆ بڕینی کەللەسەری بەکاربهێنێت و مێشکی دەربکات، دوکتۆر هارڤی بە درێژایی چل و سێ ساڵ بەردەوام ئەم مێشکەی دەپشکنی و پاسەوانی بوو، لە داخ کونجکۆڵیی دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە شوێنێکەوە دەیگواستەوە بۆ شوێنێکی دی، کەچی دوای ئەم هەموو ساڵە شتێکی نامۆی نەدۆزییەوە. ئەو پارچە مێشکەی ئەم هەموو ساڵە پاراستبووی و تێر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی لەسەر کرد، مێشکی پیاوێک بوو گاڵتەی بەوانە دەکرد خۆیان بە لێکدانەوەی توانایی پڕ لە بلیمەتییە سەیرەکەی سەرقاڵ دەکەن، بە هەمووان دەڵێت: "هەرگیز توانایی لە سروشتبەدەرم نییە، هەموو ئەوەی هەمە ئەوەیە من لەوانی دی پتر مەیلم بۆ دڵخورتی و گومانکردن و حەزی زانین هەیە". خودان مێشکی دزراو ئەلبێرت ئەنشتاین بوو، هەڵبەت ئەگەر زیندوو بوایە گاڵتەی بە هەوڵی تۆماس هارڤی دەکرد، ئەوی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بلیمەتییەکی نائاسایی بداتە پاڵ.

ئەنشتاین لە چواردەی ئازاری ساڵی ١٨٧٩دا هاتووەتە دنیاوە، باوکی ئەندازیاری کارەبا بوو. لە نیگەرانییەکی بەردەوامدا دەژیا، چونکە کوڕە نۆ ساڵانەکەی درەنگ وەرگر بوو، زمانی هێشتا لە زمانی منداڵی کۆرپە دەچوو. ڕۆژێکیان باوکە لە مامۆستای کوڕەکەی پرسیاری ئەو پیشەیەی کرد بۆ ئەنشتاینی بچکۆلە دەست دەدات؟ وەڵامی مامۆستاکە شۆکئامێز بوو: "لە هیچ پیشەیەکدا سەرکەوتوو نابێت".

لە قۆناغی دواناوەندیدا دۆخی ئاڵۆزتر بوو، مامۆستاکان بۆیان دەرکەوت گرفتی ئەو: "یادگەی لاوازی بوو، نەخوازەڵا بە نیسبەت وشە و تێکستەکانەوە"، مامۆستای زمان پێی ڕاگەیاند، ئەنجامدانی خراپی ئەرکەکانی وای لێ دەکەن نەگاتە هیچ شتێک، هەروەها مامۆستایانی دیش بڕوایان وابوو بوونی لە قوتابخانەدا هیچی ناخاتەسەر، ئەوەش لە سۆنگەی تێکچوونی توانایی ژیرییەوە.

یەکەمین هاندەری ڕاستەقینە لە ژیانیدا لە قوتابییەکی هەژارەوە هات کە ڕاهاتبوو خواردن لەگەڵ ئەنشتاین- دا بخوات، ئەم قوتابییە ڕۆژێکیان زنجیرەیەک کتێبی زانستیی وێنەداری بۆ هێنا. ئەنشتاین دەڵێت: "ئەو زنجیرەیەم بە بایەخێکی زۆرەوە خوێندەوە". ئەم قوتابییە یارمەتیی ئەنشتاینی دا سەرسووڕهێنەرەکانی ماتماتیک بدۆزێتەوە، لەودەمەدا لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بوو فەلسەفەی بۆ ئاشکرا بوو، ئەوکاتی مامی کتێبێکی بەناوبانگی (ئیمانوئێل کانت)ی (ڕەخنەی ئەقڵی پەتی) پێشکەش کرد، دواتر مامی دەنووسێت: "وادیارە کارەکانی

کانت کە مرۆڤی ئاسایی تێیان ناگات، بۆ ئەو ڕوون بوون".

دوای ساڵانێک دەبینین ئەنشتاین-ی لاو بۆ لێکۆڵینەوە لە کارە فەلسەفییەکانی کانت تەرخان دەبێت، تا مردنی وای دەبینی کانت تاقە فەیلەسووفە توانایی قسەکردنی بۆ زانایانی سروشت هەیە کە شتێکی بەسوود بڵێت.

ئەنشتاین دەنووسێت: "زیادەگۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین زانستە سروشتییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان پشتیان بەوە بەستووە کانت لە فەلسەفەکەیدا خستییە ڕوو".

لە پازدە ساڵیدا وتارێک دەربارەی کاریگەریی فەلسەفە لەسەر زانست بۆ خاڵی دەنێرێت، ئەمە یەکەم وتار بوو بینووسێت، لەسەر زەرفی نامەکە دەستەواژەیەکی نووسیبوو، تا خاڵی بیخوێنێتەوە: "وەڕس نابم ئەگەر هەر لە بنی نەیخوێنیتەوەش". دوای ئەوە بە پێنج ساڵ، ئەنشتاینی نۆزدە ساڵ گەنجێکی بێکار بوو، کارگێڕیی ئەو پەیمانگەیەی بە سەرکەوتوویی تەواوی کرد، ڕازی نەبوو وەک هاوەڵ مامۆستا (معید) داییمەزرێنێت، چونکە مامۆستاکان بە لەخۆباییبیان دادەنا، یەکیان پێی گوت: "تۆ کەسێکی زیرەکیت، بەڵام یەک ناتەواویت هەیە، ئەویش ئەوەیە ڕێنمایی لە کەس وەرناگریت".

لە بەرانبەر ئەم تەنگژە تازەیەدا دەرچەیەکی نەبینییەوە، تەنیا ئەوە نەبێت وانەی تایبەت بڵێتەوە. لە ساڵی ١٩٠٢دا دەستکورتی ناچاری کرد ئەم ئاگەدارییە لە یەکێک لە ڕۆژنامە لۆکاڵییەکانی ئەڵمانیا بڵاوبکاتەوە: "مامۆستایەک لە توانایدایە وانەی تایبەتی بیرکاری، فیزیا بە قوتابییان بداتەوە، تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە وانەکانی زۆر بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە دەڵێتەوە، دیپلۆمی لە پەیمانگەی پۆلیتەکنیک بە دەست هێناوە، هەروەها بۆ تاقیکردنەوە دەتوانێت وانەی خۆڕاییش بڵێتەوە". هەڵبەت لەم ئەزموونەدا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، چونکە تەنیا دوو منداڵ دەخرێنە بەر وانەی تایبەت، هەر یەکێکیان دوو فرەنکی لە بەرانبەر هەر وانەیەک دەدا.

ساڵی ١٩٠٢ خەریک بوو هەژاری دوای دەکەوت و دۆخی ئابووریی خراپ بوو، بەڕادەیەک چەند ڕۆژێک دەنووست بێ ئەوەی تامی زاد بکات، ئەمە وای لە یەکێک لە دۆستەکانی باوکی کرد بۆ دامەزراندنی لە نووسینگەی داهێنانامە (براءة الاختراع) نێوانکاریی بکات. ئیشی ئەو پشکنینی داهێنانامەکان بوو، تا پێشکەشی پسپۆڕانیان بکات، چێژی لەم کارەدا بینییەوە، وای لێ کرد هزری داهێنەرە بچووکەکان بزانێت. ڕۆژێک لەودەمی لە دەریاچەکەدا لەگەڵ میشێل پیسۆی هاوەڵی خەریکی ڕاوەماسی بوون، لێی دەپرسێت: "ئەگەر وێنای ئەوە بکەین دەتوانین لەسەر تیشکی ڕووناکی بە خێرایی ١٨٦ هەزار میل لە چرکەیەکدا بفڕین، ئاخۆ ئەم تیشکە لەم دۆخەدا وەستاو دەبێت؟"، کاتێک هاوەڵەکەی سەیری بەم پرسیارە بێهوودەیەدا هاتەوە، ئەنشتاین پێی گوت، هەندێک جار منداڵان پرسیاری بێشەرمانە و ساویلکانە دەکەن، ئیدی گەورەکان خۆیانی تێهەڵدەقورتێنن تا بە وەڵامی ئاسایی بێدەنگیان بکەن، دوور نییە ڕاستیش نەبن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٥دا ئەنشتاین بە پیسۆی هاوەڵی ڕاگەیاند خەریکە ڕازی گەردوون هەڵدێنێت، پاش ئەوە بە چەند مانگێک توێژینەوەیەکی پێشکەش کرد، بە یەکەمین تۆوی بیردۆزی ڕێژەیی دانرا، بە یاخیبوون لە هزری باوی مرۆڤ دەربارەی زەمەن، بۆشایی، ماددە و وزە. بنەماکانی ئەم تیۆرییە دوو بابەتی بنەڕەتییان

لە خۆ گرتبوون: "یەکەم، ئەو تیۆری ڕێژەییەیەی دەڵێت هەموو جووڵەکان ڕێژەیین. نموونەیەکی باو بۆ ئەم تیۆرە هەیە لە شەمەندەفەری جووڵاو، یان کەشتییەکی جووڵاودا. کەسی دانیشتوو لە شەمەندەفەرێکی پەنجەرەداری داپۆشراو بە پەردەی تاریک، کەمێک دەنگەدەنگی تێدایە، هیچ زانیارییەکی لەسەر خێرایی و ئاراستەی شەمەندەفەرەکەدا نییە، ڕەنگە هەر هەست نەکات شەمەندەفەرەکە دەجووڵێتەوە، کەسی ناو کەشتییە پەنجەرە داخراوەکەیش لە هەمان هەڵوێستدا دەبێت، هەست بە جووڵە ناکات تەنیا لە لایەنی ڕێژەییەوە نەبێت، واتە بە نیسبەت تەنەکانی دیکەوە و لە مەودایەکی فرەوانتردا، ناکرێت هەست بە جووڵەی پێشەوەی زەوییەکە بکرێت، ئەگەر تەنی ئاسمانیی نەبێت بەراوردی پێ بکرێت.

هەرچی بابەتی دووەمی ئەنشتاینە، ئەوە خێرایی تیشک سەربەخۆیە لە جووڵەی سەرچاوەکەی، خێرایی تیشک ١٨٦٠٠٠ میلە لە چرکەیەکدا، هەردەم جێگیرە لە هەر شوێنێکی سەر زەویدا، شوێن و کات و ئاراستە کاری تێناکەن. بۆ نموونە، لە شەمەندەفەرێکی جووڵاودا، تیشک تەواو بە هەمان خێرایی دەڕوات، کە لە دەرەوەی شەمەندەفەرەکە پێی دەڕوات. هیچ هێزێکیش کاری تێناکات، خێرا، یان هێواشی بکاتەوە، لەسەر ئەوەشەوە هیچ شتێک نییە لە خێرایی ڕووناکی خێراتر بێت، سەرەڕای ئەوەی ئیلکترۆناتەکان زۆر لەم خێراییە نزیک دەبنەوە، ڕاستییەکەی ڕووناکی لە هەموو سروشتدا تاقە هۆکاری جێگیر و نەگۆڕە.

بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی نیوتن، ئەنشتاین جەختی لەوە کردەوە شتێک نییە ناوی "جووڵەی ڕەها" بێت، هەروەها بیرۆکەی جووڵەی ڕەهای تەنێک لە بۆشاییدا بێ مانایە. جووڵە دۆخی سروشتیی هەموو شتەکانە، لە هیچ شوێنێکی سەرزەمین، یان لە گەردووندا شتێک نییە لە دۆخی وەستانی تەواو، یان وەستانی ڕەهادا بێت، جووڵە لە سەرلەبەری جیهانی نەوەستاوماندا بەردەوامە.

ئەنشتاین بە پیسۆی هاوەڵی ڕاگەیاندبوو، ئەو ڕووداوانەی لە شوێنی جیاجیا و لە چرکەساتێکی مرۆڤێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، هەمان ڕووداو نییە لە هەمان چرکەساتدا بۆ مرۆڤێکی دی. بۆ نموونە ئەگەر دوو ڕووداو پێکەوە، لە یەک کاتدا بەسەر مرۆڤێکدا لەسەر زەوی و ئەویدی لە شەمەندەفەر، یان لە فڕۆکەدا هاتن، ڕاستی لە هەمان کاتدا ڕوویان نەداوە. بە پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرە لەسەر گەردوون، ڕووداوێک لەسەر ئەستێرەیەکی دووردا ڕووی داوە، بۆ نموونە تەقینەوە، یەکێک لە دانیشتووانی سەر زەوی بینی، ئەوە ئەو تەقینەوەیە لە هەمان کاتدا ڕووی نەداوە کە لەسەر زەوی بینرا، بگرە بە پێچەوانەوە وێڕای ئەوەی خێرایی تیشک ١٨٦٠٠٠میل/ چرکەدایە، ئەوە ڕووداوێک لەسەر ئەستێرەیەکی زۆر دووردا ڕووی داوە، دوورنییە پێش گەیشتنی هەواڵەکەی بۆ زەوی بە ساڵانێک ڕوویدابێت، ئەو ئەستێرەیەشی ئەمڕۆ دەبینرێت، بێگومان هەمان ئەو ئەستێرەیە بەر لە زەمەنێکی دوور بینراوە، ڕەنگە لە ساتی بینینیشیدا هەر نەمابێت.

لە پێشەکیی کتێبی "تیۆری ڕێژەیی"دا، ئەنشتاین خوێنەری کتێبەکەی دڵنیا دەکاتەوە هەوڵی داوە وا لەو خوێنەرە نەکات کە نهێنیی فیزیا نازانێت هەست بە ئاڵۆزی بکات و لە نێو دێڕەکانیدا ون بێت، لەبەر ئەمە وەکوو دەڵێت هەوڵی داوە "بە شێوەیەکی نەرم، بە پشتبەستن بە ئاسانکاری و میهرەبانی" چارەسەری بابەتەکە

بکات.

هەمیشە دەگوترێت کتێبە هەرسکراوەکان ڕەنگە بۆ هەموو خوێنەران گرینگ بن، بەڵام بێگومان ڕوون نین، یان بۆ هەندێک خوێنەر چێژبەخش نین. هەندێک لەم کتێبانە وەک کتێبی "ڕێژەیی" وا لە خوێنەر دەخوازێت هەندێک کتێب بخوێنێتەوە کە چوونە ناو جیهانی ئەنشتاینی بۆ ئاسان بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت کۆدەکانی ئەم پیاوە ڕەفتار سەیرەی زەمانمان لێ دەردەکات هەڵبهێنێت. بێگومان ئاماژەی ئەوەیە گاڵتە بە هەموو ئەو پروپاگەندە پێکەنینهێنەرانە دەکات دەگوترێن، ئاگەدارمان دەکاتەوە لەوەی "هەر زانستیک لە واقیعدا بە تاقیکردنەوە دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت".

ڕەنگە تێگەیشتنی ڕاستەقینە بۆ تیۆرەکەی ئەنشتاین بێت زانایانی گەیاندە ئەوەی تەلسکۆپی جەیمس ویب بخەنە گەڕ، کە پشتگیریی بۆچوونمان بۆ گەردوون دەکات لە میانەی ئەزموونی چاودێرییەوە، کە ئەنشتاین بۆ تێگەیشتنمان بە بناغەی دانا.

یەکێک لەو زانایانەی سەرپەرشتیی بەگەڕخستنی تەلسکۆپی جەیمس وییان کرد گوتی: "ئەمە شتێکە لە سەرووی ئەندێشەی منەوەیە، لە ژیاندا بم و بتوانین کەناری کونە ڕەشەکان و لێواری گەردوون ببینین، هەروەها بەدیهێنانی ئەو خەونەی ئەنشتاین بەر لە سەد ساڵ خەونی پێوە دەبینی".

لە کتێبی "ڕێژەیی تایبەت و گشتی"دا ئەنشتاین تیۆرەکەی دەکات بە دوو بەشەوە: "ڕێژەیی تایبەت" ئەنشتاین ساڵی ١٩٠٥ دایڕشتووە، "ڕێژەیی گشتی" لە ساڵی ١٩١٦دا دەرکەوت. ڕێژەیی تایبەت کار لەسەر کاریگەرییەکانی جووڵەی ڕێک بەسەر هەر یەک لە شوێن و کاتدا دەکات، هەرچی ڕێژەیی گشتییە ئەو کاریگەرییە سەربارانەیە خێرایی و کێشکردن لە خۆ دەگرێت.

لە یازدەی نیسانی ساڵی ١٩٥٥دا ئەنشتاین لەگەڵ کۆمەڵێک بیرمەند، لەوانە بێرتراند ڕەسڵ بەیاننامەیەک واژۆ دەکەن، تێیدا داوادەکەن کۆنترۆڵی چەکی ناوکی بکەن، بۆ ڕۆژی دوایی هەست بە ئازارێک دەکات لە سینگی، ئەمەش وای لە پزیشکان کرد هێورکەرەوەی بدەنێ، پزیشکە تایبەتەکەی پێشنیازی ئەوە دەکات بۆ چارەسەرکردنی خوێنبەرەکانی، بۆ نەخۆشخانەی بگوازنەوە، ڕازی نەبوو، بە پزیشکەکەی گوت: "درێژەدان بە تەمەن بە شێوەی دەستکرد کارێکە هیچ تامی نییە، من ئەرکی خۆم بەجێگەیاند، ئیدی کاتی ئەوەیە بڕۆم، هەڵبەت بە شێوەیەکی جوان دەڕۆم".

ئێوارەی حەڤدەی نیسان داوا لە یاریدەدەرەکەی دەکات کاغەز و پێنووسە دارەکانی بۆ بهێنێت، بە پەلە کەوتە نووسین، لەودەمی داوای لە کوڕەکەی کرد دابنیشێت، پێی گوت: "ئاخ ئەگەر دەمزانی چارەنووسێک ساڵی ١٩٥٥ بیستم لە بیرکاری گەورەترە".

سەرلەبەیانیی هەژدەی نیسانی ساڵی ١٩٥٥ پەرستارەکەی گوێی لێبوو لەبەر خۆیەوە بەورتەورت هەندێک وشەی دەگوتن، دوای ئەوە چاوانی لێکنان، ئیدی هەواڵی مەرگی ئەو زانا حەفتا و شەش ساڵییە ڕاگەیەنرا، مرۆڤایەتی تووشی واقوڕمان کرد، بە تەنیشت جێگەکەیەوە چەند پەڕەیەکی لێ بوون، بە پێنووسی دار هەندێک هاوکێشەی بیرکاریی نووسیبوون.

سەرچاوە: علي حسين. لماذا نقرأ الكتب المملة؟، دار المدى. ط١. بغداد ٢٠٢٤ ص١١ – ١٨.